# ژین لەجیهانی ئیسلامدا



عەبدوڵا ڕێشاوی

ئایا ژیان لەسایەی دەوڵەت وکۆمەڵگەیەکی ئیسلامدا ،میسالیە یان واقیعی ؟،ئایا ئەو جۆرە ژیانە تیۆرە، یان پراکتیك؟ ئایا دە قەکان تاچەند دەسەلاتیان بەسەر ژین وژیانی مەملەکەتی ئیسلامدا هەبووەهەیە ؟ئایا لەم جۆرە ژیانەدا دەقەکان ژیان کۆنترۆڵدەکەن ،یاخود لێرەش وەك هەرجۆرە ژیانێکی تری ئادەمی ، دەقەکان وئایدیالەکان لەلایەن واقیعەوە کۆنترۆڵدەکرێن ؟ ئەم پرسیارانە بەشێکن لەو پرسیارانەی کە دەشێت روبەروی ئەو خەیاڵەی بکەینەوە کە بە خەیاڵێکی تەواو یۆتۆپی تەماشای کۆمەڵگە ی ئیسلام یا دەوڵەت وحوکم ڕانی  ئیسلام دەکات ،وەك ئەزمونێکی جیاواز لە کۆمەڵگەکانی تری بەشەر، یان حوکم وسیاسەت ودەسەڵاتە کانی تری مرۆڤایەتی و مێژووەکەی .

ناونیشانی ئەم نوسینەمان کەهوڵدانێکە بۆبەشداری کردن لەقوڵکردنەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوەدا ، لەنوسینێکی دکتۆر ئەحمەد بەغدادی یەوە وەرگرت بەناوی(دنیا عالم الاسلام) لەکتێبی (تجدید الفکرالدینی ).لەونوسینەدا دکتۆر ئەحمەد بەغدادی قسە لەو شێوەژیانە (ناتێکستیە)دەکات کە لە جیهانی ئیسلامدا لەسەردەمە جیاوازەکانی حوکم ڕانی ئیسلامیدا لەئارادابووە،دکتۆر ئەحمەد کەخۆی ئەو کات دانیشتوی کوەیت بوە ، سەرەتای نوسینەکەی بە رەخنەکردنی ئەو هێزە فەندەمێنتاڵەسەلەفیانە دەستپێدەکات کە لە نیوەدورگەی عەرەب دەیانەوێت ژیانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەتەواوی بکەنە ژینێکی (دەقاوی)یاتێکستی ،ئەو، نمونە بەسەردەمە جیاوازەکانی مێژوی ئیسلام دێنێتەوە کە چۆن لەوسەردەمانەدا واقیع هەمیشە کۆنترۆڵی تێکستی کردووەو هیچ کات تێکست نەیتوانیوە بەتەواوی ژیان لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا کۆنترۆڵ وداگیربکات ،بەڵکو هەمیشە جیاوازیەکی بەرچاو لەنێوان تێکستە یەك رەنگ وئایدیالەکانی ئیسلام وشێوەی ژیان لەکۆمەڵگەی ئیسلامداهەبوە،کە ژیانێکی فرە ڕەنگی

تەواو ئادەمی بوە،  هەربۆیە ژیانێکی یۆتۆپی و تایبەت، کە لەگوتاری فەندەمێنتاڵی دینیدا بۆشێوەی ژیان لەکۆمەڵگەی ئیسلامی دادەکێشرێت جگە لە خەیاڵ هیچی ترنیە و هەرگیز هێزێك نەبوەو  نیە لەم دونیایەدا بتوانێت هەمەرەنگی ژیان بۆیەك رەنگی بگۆڕێت، یا خودکۆمەڵگەیەکی یەك رەنگ دروستبکات  ، مەگەر ئەوەی دواجار ئەم هەوڵە بە کارەسات کۆتایی هاتوە .

لەراستیا بۆئەوەی لە شێوەی ژیان لە ناو کۆمەڵگە یان دەوڵەت، یان هەر ستراکتۆرێکی ئیسلامیدا تێبگەین ، پێویستە بۆواقیع بگەرێینەوە نەك بۆدەق،چونکە دواجار ئەوە واقیعە دەق پراکتیزەدەکات پاش ئەوەی کۆنترۆڵی دەکات و ئەیخاتە ژێر پێویستیەکانی خۆیەوە نەك بەپێچەوانەوە، ئەگەربۆتێگەیشتنی ژین وژیان لەکۆمەڵگەو دەوڵتێکی ئیسلامدا بۆلای دەقەکان بگەڕێینەوە ئەوا ئێمە بۆلای میسالیەتێك گەراوینەوە کەبێجگە لەتیۆر بونێکی بەرجەستەی مێژووی‌و واقیعی نەبوەو نیە ،بۆیە پێویستە بۆتێگەیشتن لەو(ژیانە) بۆواقیع بگەرێینەوە ئەویش لەرێی خوێندنەوەی مێژوەوە.

لەراستیا مێژوی ژیان لەجیهانی ئیسلامدا تەواو واقیعیە، نەك ئایدیالی ،ژیانێکە وەك هەمو مێژوی ژیانی بەشەر بەرەش وسپی بەرێوەچوەو هیچ کات نەیتوانیوە ژیانی فریشتەکان بێت، هەندێ جارئەم ژیانە ژیانێکی پڕبەهای سەوزبوە،هەندی ٚکاتیش ناچیزو خەم هاوەربوە،بەهەرحاڵ ژیانێکی ئادەمی بوە.

لێرەوە مەبەستمە ئەوەبخەمە بەرچاو،کارێکی تەواو مەترسی دارە ئەگەرهێزێك  بخوازێت ژیان لەکۆمەڵگەیەکی موسوڵماندا  ئایدیالی یان  (تێکستی) بێت،چونکە ئەو کات ناچاردەبێت لەرێی هێزو دەسەلاتەوە ئەم ئارمانجە  جێبەجێ  بکات، کە ئەوکات لەرێی  هێزی سەرکوتکردنەوە  واقیعی راستەقینە دەشارێتەوە و واقیعێکی موزەییف فەراهەم دێنێت ،وەك ئەوەی لەسعودیە هەیە یان لەئێران یان لە ئەفغانستانی تالیبان(وەك باشترین نمونەی ئەم حاڵەتە ). هەمیشە ئەم هێزە شەتم ورەجمی کۆمەڵگەو دانیشتوانەکەی دەکات و ناتوانێ بەچاوێکی واقیعی کۆمەڵگە وەك کایەیەکی  هەمەرەنگی گۆراو تەماشابکات ..لێرەشەوە لەگەیاندنی پەیامەکەشیدا ناتوانێ لەگەڵ زەمەندا بڕوات و هاو شانی یاساکانی گۆرانی کۆمەلأیەتی و یاساگەردونیەکانی گۆڕان بێت ،بەڵکو لە پێناوئەوگۆڕانەی خۆی مەبەستیەتی و لەرێی سلوکی پەلەکردنەوە هەمو یاساکۆمەلأیەتی‌و گەردونیەکانی گۆران پێماڵ دەکات و وفەوزایەك لەمومارەسەی هەڵە  دەنێتەوە  .

پاڵنەری پۆلیسەکانی  تالیبان لەدەست وەردان لە ژیانی تایبەتی  خەڵك، رێکخستنی کۆمەڵگە یە وەك کۆمەڵگەیەکی تێکستی .

دیارە ئەم سەرکوتکردنەش بۆخۆی  لەبارێکدا پۆلیسی وسەربازی  دەبێت و لەچەندین حاڵەتی تریشدا دەرکەوتەیەکی فیکری هەیە .پێویستە ئاماژەبەوەش بکەین کەچۆن ئەم مەترسیە  قوڵتردەبێتەوە لەوکاتەی ئەو هێزەسەلەفیانەی دەیانەوێت کۆمەڵگە لەرێی تێکستەوە ببینن ،بۆخۆیان نەفسێکی گەورەشیان لەتێگەیشتنێکی  فەلسەفی وجەوهەریی بۆ تێکستەکانی ئیسلام هەیە.

لەهەمانکاتدا  موفارەقەیەکی سەیریش لەم هێزەدا ئەوەیە لەکاتێکدا دەیەوێت لەڕێی دەقەوە کۆمەڵگە وێنا بکات وببینێت،کەچی بۆخۆی لەبەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکەی خۆیدا ئەمەناکات،بەڵکو هاوکێشەکە بۆخۆی پێچەوانە دەکاتەوەو لەبری ئەوەی دەسەڵات بخاتە ژێرکۆنترۆڵی دەقەوە،وەك چۆن کۆمەڵگەی دەخستەژێرکۆنترۆڵی دەقەوە، دێت ئەمجارەیان دەق دەخاتە ژێرکۆنترۆڵی دەسەڵاتەوەو لەم پێناوەشدا پەنادەباتە بەر  بەشێك لەزانستی شەرعی  بەناوی (السیاسە الشرعیە).

بۆنمونە تالیبان لەئە فغانستان لەحاڵێکدا بەزۆری زۆرداری حیجابیان دەکردەبەری ژنان وپیاوانیان ناچاربە جێبەجێکردنی هەندێ سروت وروالەتی ئاینی دەکرد ومۆسیقاو سەماو گۆرانیان قەدەغەو حەرامکردبوو ،بەومەرامەی فەزای کۆمەڵگەی ئەفغانی بەتەواوی بکەنە فەزایەکی تێکستی ،کەچی بەفەتوایەکی (مەزهەبی-سیاسی)فرۆشتنی  حەشیشە یان بۆخۆیان حەلاڵ کردبوو، هەروەها  شەڕیان لەگەڵ براکانی خۆیان دەکرد لە هێزەئیسلامیەکانی ترودەیانکوشتن ! بێئەوەی پرسیاربکەن و بکەونە ژێر کۆنترۆڵی ئەو تێکستانەی کوشتنی دیارە من بەش بەحاڵی ?موسوڵمانو خواردن و فرۆشتنی مەی و حەشیشەی حەرام کردوە!

خۆم  مومارەسەکانی هێزەکانی نمونەی تالیبان وەك ئەزمونێکی رەسەنی  ئیسلامی تەماشا ناکەم ودەخوازم ئەو بۆچونە بۆلێکۆڵەرەوان تەرح بکەم کە(ناتوانین لە ڕێی خوێندنەوەی ئەم هێزانەوە لەستراکتۆری ئیسلام تێبگەین )چونکە ئەم هێزانە لادانی تەواو ئەخلاقیان هەیە نەك تەنها لەدەق بەڵکو لەخودی ئەخلاقیش ..لەحاڵێکدا ئەو لادانە لای ئیسلامی رەسەن لادانێکی زانستی یە، بۆیە گرنگە ئەو راستیەش بلێین کە(لەراستیدا (السیاسە الشرعیە) لە هۆشمەندی ونەستی دەسەڵاتی ئیسلامیداسەلاحیەت دانە بەدەسەڵات بۆلادان لەدەق لەوکاتەی کە پێویستی پێیەتی و ناچارە) جائەم لادانە لە هێزێکی رەسەنی ئیسلامی وەك دەسەڵاتی

پێغەمبەر درودی خوای لەسەر و خولەفاکان وکۆی ترادسیۆنی ئیسلام، تا هێزێکی زۆڵی وەك تاڵیبان وئەلقاعیدە دەگۆڕێت ،بەلاّم لای هەردوکیان هەردەمێنێت.

لێرەشەوە تێدەگەین هیچ جیاوازیەك لەنێوان تێڕوانینی میکیاڤیلیانە بۆدەسەلاّت و دەسەلاّتی ئیسلامیدا نامێنێت و دوریانی هەردو کیان لە واقیعدا دەبێتەوە بەیەك،گەرچی لەتێکستیشدا پێچەوانەی یەکتربن ، ئەمە لەتەواوی مێژوی ئیسلامیشدا هەروابوەو هەروا دەبێت ،بۆنمونە لەشکری عەلی ومعاویە بەیەکیاندااو بەهەزاران سەحابەو موسوڵمان لەو شەڕەدا بەشداریانکردو یەکتریانکوشت و هیچ دەقێك نەیتوانی رێ لەهیچ لایەکیان بگرێت و کەسیش ناڵێت ئەوان لەئیسلام دەرچون ،عەبدولاّ یکوڕی یەزید کەعبەی پیرۆزی دایە بەرئاگرو وێرانی کرد، بۆ؟ چونکە عەبدولاّی کوڕی زوبەیر "کەموسوڵمانێکی تربو" خۆی وەك خەلیفە راگەیاندبو وەلەناو کەعبەی پیرۆزداخۆی پەنادابوو ،ئەمەوی وعەباسی-وەك هەرهێزێکی تری دەسەلاّت خواز- خوێنی یەکتریان دەڕشت ودەسەلاّتیان لەیەکتروەردەگرت و هەردولاشیان هەرخەلیفەی موسوڵمانان بوون وکەسیش ناتوانێت بلّێت ئەوان بەشێك نین لەمێژوی سیاسی ئیسلام ،بۆیە هەروەك (دکتۆر ئەحمەد البەغدادی دەڵێت:( ئەمە راستیە کانی دنیای سیاسەتە کە دەق ناتوانێ رێگەیان لێبگرێت) لێرەوە ئەو مەقولەیەی کەدەڵێ(الغایە لاتبرر الوسیلە) لەهەمو بونێکی واقیعی بەتاڵ دەبێتەوەو وەك تیۆر دەچێتەوە دنیای ئایدیالی خۆی و ناتوانێ لەگەڵ مێژودا ڕێبکات،گەرچی مێژوەکەش ئیسلامی بێت، لەبری ئەو، واقیع مناڵە راستەقینەکەی خۆی دروستدەکات:(الغایە تبررالوسیلە) ورەوانەی مێژوی دەکات ، گەر تەماشای مێژوش بکەیت دەبینی هەمیشە هەرمەقولەی دوهەم بون وئامادەیی هەیەو هەرگیز مەقولەی یەکەم لەمێژوی ئیسلامدا-بەپێچەوانەی دەقی ئیسلام- چاوی بەدونیای سیاسەتدا هەڵنەهێناوە.چونکە ئەوەهێزی سیاسەتە کۆنترۆڵی راستەقینەی شتەکان دەکات نەك هێزی دە ق.

لێرەوەمەبەستی ئەم نوسینە بۆدەرخستنی ئەو راستیەیە کە هەرگیز ناتوانین پیرۆزی بە هیچ ستراکتۆرێك ببەخشین ولەرێی پیرۆزیەکی دەرەکیەوە لە ستراکتۆرێکی تری جیابکەینەوە .

بۆیە هیچ هێزێکی سیاسی نیە بتوانێت لەدەرەوەی خۆی پیرۆزیەکی راستەقینەوەربگرێت ،هەر هێزێکیش ویستبێتی لەدەرەوە پیرۆزیەك بۆخۆی بپچڕێت، پیرۆزیەکی موزەییەفی پچڕیوە وتاماوەیەکی ناهۆشیاری ئەو پیرۆزیەی ئیستیغلال کردوە،کە پاشان لەماوەی

هۆشیاریدا لەزەرەری خۆی تەواو بوەو هەر بە یاساکانی ئەو پیرۆزیە دادگایی کراوەو بە ریشاڵەکەنای لەداردراوە ،دیارە ئەمە بەومانایەش نیە بڵێین لەدنیادا پیرۆزیەك وجودی نیە نەخێر ،بەلاَم گرنگە ئەو نیشان بدەین کە هیچ هێزێك خاوەنی پیرۆزیەکی زکماك و ئاسمانی وسەرمەدی نیە، بەڵکو هەر هێزێك چەند توانی لەدنیای پراکتیکی خۆیدا لەنۆرمە ئەخلاقی وئیلاهیەکانی وەك عەدالەت ویەکسانی وڕێگرتن لەزوڵم وڕێزگرتن لە ئینسان نزیکتربێتەوە، ئەو هێزە هێندلەپیرۆزیەوە نزیکتر بۆتەوە.

لێرەوە دەتوانین هێزە ئیسلامیەکانیش وەك داتا وەربگرین ،داتایەك کە دەتوانێ بەو تێگەیشتنەمان بگەیەنێت کە هیچ هێزێکی سیاسیی لەم دونیایەدا پیرۆزو ئاسمانی نیە،چونکە کاتێ لەهێزێکی وەك یەکگرتو رادەمێنیت لەوە تێدەگەیت کە ئەم هێزە هیچ جۆرە جیاوازیەکی جەوهەریو کەینونی نیە لەگەڵ هێزێکی وەك یەکێتی یاپارتی دا بۆنمونە و شێوەژیانی هەردوکیان هەروەك یەکە،چۆن کادێرەکانی یەکێتی دەیانەوێت پلەو پایەی حیزبی وحوکومی مسۆگەربکەن هەرواش کادێرەکانی یەکگرتوو وکۆمەڵ دەیانەوێت ببنەوەزیرو پلو پایە سیاسی وحیزبیەکان مسۆگەربکەن و-کەئەمەش مافی هەرسیاسیەکە - هەرگیز لەناوهێزەئیسلامیەکاندا دیاردەیەکی وانیە بۆنمونە (کەسێك لەبەرخوا کورسی وپلەو پایەی حیزبی و سیاسی رەتبکاتەوە)وەك چۆن لە مێژوی ئیسلامدا باس دەکرێت و لەدەقە ئیسلامیەکانداجەغدی لەسەردەکرێت، بەڵکوکێبەرکێ سیاسیەکان و هەوڵدان بۆوەرگرتنی پۆست لەناو یەکێتی دا کەهێزێکی نائیسلامیە چۆنە لەناو یەکگرتوو وکۆمەڵیشدا کە دوهێزی ئیسلامین هەروایە بێجیاوازی..کەواتە داخۆ هێزێکی سیاسی لەبەرئەوەی ئیسلامیە چ جیاوازیەکی لەگەڵ هێزێکی سیاسی ترهەیە کە ئیسلامی نیە؟